شانۆنامەی

# ووردەکاریەکان[1]

نووسینی: سۆزان گلاسپێل[2]



وەرگێڕان:

**ولي‌الله دهقاني**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:

**ڕەحمان عەزیزی**

[1] ئەم شانۆگەرییە لە ئێران بە ناوی«شتە بێ بایەخەکان»هەروەها لەلایەن «خاتوو شیوا نورپناە» وەرگێردراوە.

[2] سوزان کیتینگ گلاسپێل (١ی تەمموزی ١٨٧٦ ـ ٢٨ی تەمموزی ١٩٤٨)

شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس و ئەکتەرێکی ئەمریکی بووە. لەگەڵ هاوسەرەکەی جۆرج کرام کوک دامەزراندی پرۆڤینستاون پلەیەرز کە یەکەمین کۆمپانیای شانۆی مۆدێرن ئەمریکی بوو، گلاسێل کە بۆ یەکەمجار بە کورتە چیرۆکەکانی ناسرابوو، هەروەها نۆ ڕۆمان و پانزە شانۆگەری و ژیاننامەیەکی نووسی. ئەم چیرۆکە نیمچە ژیاننامەیانە کە زۆرجار لە ڕۆژئاوای ناوەڕاستی زێدی ئەودا ڕوودەدەن، بەزۆری بەدواداچوون بۆ پرسە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکانی وەک ڕەگەز، ئەخلاق و ناکۆکی دەکەن.

**کەسایەتییەکان، کارەکتەرەکان**

**ئاغای پیتێرز، بەڕێوەبەری پۆلیس: پیاوێکی بە تەمەن ناوەڕاست**

**ئاغای هێندێرسۆن، پارێزەری ناوچە: گەنج**

**ئاغای هۆڵ، دراوسێ: پیاوێکی تەمەن ناوەڕاست، هاو تەمەنی پۆلیس**

**خاتوو هۆڵ، هاوسەری ئاغای هۆڵ: قەڵەوترە وبەگشتی پێدەچێت ئارامتر بێت.**

**خاتوو پیتێرز، هاوسەری پۆلیس پیتێرز: ژنێکی کز بەڵام بەهێزە و دەموچاوێکی کز و دەمارگیرە.**

# وورده‌كاریه‌كان

**شوێنی دیمه‌نه‌كه: چێشتخانه‌یه‌ک له‌ ماڵی جووتیارێک به‌ ناوی جۆن رایت، چێشتخانه‌یه‌كی جێهێڵراو و بێ ڕووناكی و پڕ له‌ شلۆقی، به‌بێ ئه‌وه‌ی شته‌كان به‌ باشی له‌ شوێنی خۆیان بن...**

**قاپی نه‌شۆراو له‌ناو سینكی چێشتخانه‌، نانێک له‌ سندوقی نانه‌كه‌ ده‌رچوو، خاولییه‌كی چێشتخانه‌ له‌سه‌ر مێزه‌كه‌... و نیشانه‌كانی تری كارێكی ته‌واونه‌كراو.**

**ده‌رگای ده‌ره‌وه‌ی پشت شانۆكه‌ ده‌كرێته‌وه‌ وپۆلیس دێته‌ ژووره‌وه‌، دواتر پارێزه‌ری قه‌زاكه‌ و ئاغای هۆڵ.**

**ئاغای پیتێرز ی پۆلیس و ئاغای هۆڵ پیاوی ته‌مه‌ن ناوه‌ڕاستن، به‌ڵام پارێزه‌ری قه‌زاكه‌ گه‌نجه‌. جل و به‌رگی زستانه‌یان له‌به‌ردایه‌ و یه‌كسه‌ر ده‌چنه‌ سه‌ر سۆپاكه‌.**

**هه‌روه‌ها دوو ژن له‌ دوای ئه‌وانه‌وه‌ ده‌ێنه‌ ژووره‌وه‌... ژنی یه‌كه‌م خاتوو پیته‌رزه‌ كه‌ هاوسه‌ری ئاغای پیتێرز ی پۆلیسه‌؛ ژنێكی كز به‌ڵام به‌هێزه‌ و ده‌موچاوێكی كز و ده‌مارگیره‌. به‌ڵام خاتوو هۆڵ كه‌ قه‌ڵه‌وتر و به‌گشتی خاوترو ئارامتره‌، ئێستا دڵه‌ڕاوكێی هه‌یه‌ و له‌كاتی چوونه‌ ژووره‌وه‌یدا به‌ ترسه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێت. ژنه‌كان به‌ هێواشی ده‌ێنه‌ ژووره‌وه‌ و له‌ ته‌نیشت یه‌كه‌وه‌ ده‌وه‌ستن.**

پارێزەر: (لەکاتێکدا لە سەرما دەستەکانی بەیەکەوە دەسۆید): ئاگرێکی باشە. خانمەکان وەرنە ئێرە،لای ئاگرەکە.

خاتوو پیتێرز (هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێت و سەیری دەوروبەری دەکەم): من سەرمام نیم.

پۆلیس (دوگمەی پاڵتۆکەی دەکاتەوە و لە سۆبەکە دوور دەکەوێتەوە وەک ئەوەی ئاماژە بێت بۆ دەستپێکردنی فەرمی کار): باشە ئاغای هاڵ! پێش ئەوەی هیچ کارێک بکەین، تۆ بە تەواوی بۆ ئاغای هێندێرسۆن ڕوون دەکەیتەوە کە دوێنێ بەیانی کاتێک هاتیتە ئێرە چیت بینی.

پارێزەر: بەڕاستی دەستی لە هیچ شتێک نەدراوە؟ هەموو شتێک وەک دوێنێیە کە بینیوتە؟

پۆلیس (سەیری دەوروبەری دەکات): هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدایە. کاتێک دوێنێ شەو پلەی گەرما بۆ خوار سفر دابەزی، پێم وابوو باشترە ئەم بەیانییە فرانک بنێرم بۆ ئەوەی ئاگرێکمان بۆ دابگیرسێنێت... (دادەنیشێت)من پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ هەوکردنی سییەکان نییە بە تایبەت لە جۆرە توندەکەی. بەڵام فەرمانم پێکرد جگە لە سۆبەکە دەست لە هیچ شتێک نەدات... وە تۆ فرانک دەناسیت.

پارێزەر: دەبێ دوێنێ کەسێک لێرە رۆیشتبێت.

پۆلیس: ئای... دوێنێ. کاتێک فرانکم ناردە دوای ئەو پیاوەی کە شێت ببوو مۆریس بۆ سەنتەری مۆریس ... دەمەوێت بزانیت کە دوێنێ کاتم نەبوو سەریشم بخوورێنم. دەمزانی ئەمڕۆ لە ئۆماها دەگەڕێیتەوە و منیش دەبێت لێرە ئاگاداری هەموو شتێک بم...

پارێزەر: زۆر باشە ئاغای هاڵ، بە تەواوی پێم بڵێ کاتێک دوێنێ بەیانی هاتیتە ئێرە چی ڕوویدا؟

هاڵ: من و هاری بە بارێکی پەتاتەوە بە پێ ڕۆیشتین بۆ شار.

پێکەوە چووینە ناو ڕێگاکە و هەر کە گەیشتینە ئێرە وتم:

"دەچم بزانم ئایا دەتوانم وا لە جۆن رایت بکەم کە بچن هێڵێکی تەلەفۆن پێکەوە وەربگرن."

پێشتر جارێک لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵ ڕایت کرد، ئەویش سەرزەنشتی کردم، دەیگوت بە هەر حاڵ خەڵک زۆر قسە دەکەن، ئەویش تەنیا ئارامی و بێدەنگی دەوێت... پێموایە دەزانی چەندە قسەخۆش بووە؛ بەڵام پێم وابوو ڕەنگە پراکتیکی بێت ئەگەر بێمەماڵەوە و لەبەردەم هاوسەرەکەیدا باسی بکەم، هەرچەندە بە هاریم گوت کە نازانم ئاواتەکانی هاوسەرەکەی چەندە جیاوازە لە خواستەکانی جۆن ...

پارێزەر: ئاغا هاڵ ڕێگەم پێ بدە با دواتر باسی ئەم بابەتە بکەین.

بێگومان دەمەوێت لەم بارەیەوە قسە بکەم.بەڵام پێم بڵێ کاتێک گەیشتیتەوە ماڵەوە بەڕاستی چی ڕوویدا؟

هاڵ: نە هیچم نەبیستووە ونە هیچم نەمدیوە؛ لە دەرگاکەم دا و هێشتا لەناو ماڵەکەدا بێدەنگی بوو. دەمزانی دەبێ لە قاتی سەرەوە بن. چونکە کاتژمێر ٨ تێپەڕیبوو.بۆیە جارێکی تر لە دەرگاکەم دا و پێم وابوو دەنگێک پێی وتم: "وەرە ژوورەوە" من دڵنیا نەبووم. هێشتا دڵنیا نیم، بەڵام دەرگاکەم کردەوە... ئەم دەرگایە

(بە دەستی ئاماژە بە دواوە دەکات).وە لێرە لەم کورسییە لەرزینەدا،

(ئاماژە بە کورسییەکی لەرزین دەکات). خاتوو ڕایت دانیشتبوو.

(هەمووان سەیری کورسییە لەرزینەکە دەکەن).

پارێزەر: چی دەکرد؟

هاڵ: خۆی بۆ پێش و دواوە دەلەرزاند.پێشبرکێیەکەی لە دەستدا بوو لە کاتێکدا بەشێکی چەمابووەوە.

پارێزەر: وە چۆن بوو؟

هاڵ: باشە، نائاسایی.

پارێزەر: نائاسایی؟ مەبەستت چییە؟

هاڵ: باشە، وەک ئەوەی نەیزانیبێت دواتر چی بکات و هەندێک ماکیاژ کردبێت.

پارێزەر: هەستی چۆن بوو کاتێک تۆی بینی؟

هاڵ: چۆن؟ پێم وایە بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری هیچ نەبووە، بە هیچ شێوەیەک گرنگی پێ نەدەدا.

وتم: خاتوو رایت چۆنی؟ ساردە، ئایا ئەوە وا نییە؟"

وە وەڵامی دایەوە: «ئایا ساردە؟»

وە بەردەوام بوو لە تاودانی پێشبرکێیەکەی.

باشە، بۆ خۆم سەرم سوڕما؛ داوای لێ نەکردم بێمە لە لای سۆبەکە ، یان دابنیشێم، تەنها لەوێ دانیشت و تەنانەت سەیریشی نەکردم، بۆیە گوتم: "دەمەوێت جۆن ببینم". و پاشان ئەو... پێکەنی. پێم وایە تۆش پێی دەڵێیت پێکەنین. بیرم هاتەوە کە هاری بە

عەرەبانەیەکی پڕ لە پەتاتە چاوەڕوانە. بۆیە کەمێک خێراتر وتم: دەتوانم جۆن ببینم؟ بە دەنگێکی نزیک لە کزەوە وتی: "نا."

وتم: لە ماڵ نییە؟

وتی: بەڵێ، لەماڵەییە.

وە بە بێ تاقەتی پرسیم: "ئەی بۆ ناتوانم بیبینم؟"

فەرمووی: چونکە مردووە.

وتم: مردووە؟

تەنها سەری خۆی لەقاند، بە هیچ شێوەیەک پەرۆش نەبوو. تەنها خۆی بۆ پێشەوە و دواوە دەلەرزاند.

وتم: بۆ... لە کوێیە؟

نەمدەزانی چی بڵێم. ئاماژەی بە سەرەوەی پلیکانەکان کرد... بەم شێوەیە

(ئەو خۆی ئاماژە بە ژووری سەرەوە دەکات).

خۆم ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچمە سەرەوە. من لەوێوە هاتمە ئێرە.

(نیشان دەدات.)

پاشان وتم: بۆچی، چی کوشتی؟

وتی: پەتەکەی دەوری ملی.

وە دووبارە بەردەوام بوو لە تاودانی پێشبرکێیەکەی .

باشە چوومە دەرەوە و بانگم لەهاری کرد.

پێم وابوو لەوانەیە پێویستم بە یارمەتی بێت. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین و لەوێ درێژاودرێژ.. کەوتبوو...

پارێزەرا: پێم وایە باشترە، تۆ بڕۆ بۆ لای ئەو پلیکانانە،لەوێ دەتوانیت هەموو شتێکمان پیشان بدەیت.ئێستا تەنها بیر لە باقی چیرۆکەکە بکەرەوە.

هاڵ: زۆر باشە.یەکەم بیرکردنەوەم ئەوە بوو کە پەتەکە ئازاد بکەم. چاوم لێکرد...

(دەوستێت، دەموچاوی گرژ دەبێت.) ...

بەڵام هاری لێی نزیک بووەوە و وتی: "نا، ئەو تەواو مردووە، باشترە دەست لە هیچ شتێک نەدەین."

هەر بۆیە چووینەوە خوارەوە. خاتوو ڕایت هێشتا لەوێ دانیشتبوو.

پرسیم: "ئایا کەس ئاگادار نەکراوەتەوە؟".

بە بێخەیاڵی وبێباکی وتی: "نا."

هاری وتی: "کێ ئەمەی کردووە خاتوو رایت؟".

ئەمە پرسیاری هاری بوو.چونکە وازی لە تاودانی پێشبرکێیەکەی هێنا

وە وتی: "نازانم."

هاری وتی: "نازانیت؟".

وتی: نەخێر.

هاری وتی: "ئایا پێکەوە ناخەون؟".

وتی: بەڵێ، بەڵام من لە ژوورەوە بووم.

هاری وتی: "کەسێک بە هێمنی پەتێک لە ملی دەپێچێتەوە و دەیخنکێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ لە خەو هەڵناستیت؟".

یەکسەر وتی: "من لە خەو هەڵنەستام".

نەدەبوو وا هەڵسوکەوتمان بکردایە کە بزانین چۆن کارێکی لەو جۆرە مومکینە.

چونکە دوای خولەکێک وتی: خەوەکەم قووڵە.

هاری ویستی جارێکی تر پرسیار بکاتەوە، بەڵام من وتم کە ڕەنگە باشتر بێت ڕێگەی پێبدەین سەرەتا چیرۆکەکەی بۆ ئەفسەری لێکۆڵینەوە بگێڕێتەوە، یان بۆ پۆلیس، بۆیە هاری بە خێرایی خۆیگەیاندە ڕیڤەرز ، چونکە لەوێ کیۆسکێکی تەلەفۆن هەبوو.

پارێزەر: وە کاتێک خاتوو ڕایت زانی کە تۆ چوویت بە دوای ئەفسەری لێکۆڵینەوە دا چی کرد ؟

هاڵ: لەسەرئەم کورسییە هەستا و لەسەر ئەم کورسییە دانیشت...

(ئاماژە بە کورسییەکی بچووکی گۆشەی ژوورەکە دەکات).

وە لێرە دانیشت، و هەردوودەستی خۆی لێک گرێدابوو و چاوی لە زەوی بڕی بوو.

هەستم دەکرد دەبێت قسەی لەگەڵ بکەم، بۆیە وتم هاتووم بزانم جۆن دەیەوێت باسی تەلەفۆنەکە بکەین یا نا و یەکسەر دەستی کرد بە پێکەنین، دواتر وەستا و بە دەمارگیرییەوە سەیری کردم.

(پارێزەر کە دەفتەرەکەی درهێناوە، وتێبینی تێدا دەنووسێت ).

نازانم، ڕەنگە بە ترسەوە دەرنەکەوتبێت. نامەوێ ئەمە بڵێم. هاری بە خێرایی گەڕاوە و پاشان دکتۆر لۆید و تۆ ئاغای پیتێرز، و پێموایە ئەوە تەنها ئەوە بابەتە کە من دەمزانی و تۆ نەتزانی ئەوە بوو.

پارێزەر (سەیری دەوروبەری دەکات): پێم وایە باشترە ئێمە بچینە سەرەوە بۆ نهۆمی یەکەم...پاشان سەردانی کادێنکە بکەین و دواتر بە ماڵەکەدا بگەڕێین.

(ڕووبەڕووی پۆلیس دەبێتەوە) دڵنیای هیچ شتێکی گرنگ لێرە نییە...شتێک کە ئاماژەیەکمان پێبدات؟

پۆلیس: لێرە جگە لە کەلوپەلی چێشتخانە هیچ شتێکی گرنگی لێ نییە.

(پارێزەر بۆ دوا جار بە دەوری چێشتخانەکەدا دەڕوانێت، دەرگای دۆلابەکە دەکاتەوە. لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و سەیری یەکێک لە ڕەفەکان دەکات. دەستی کە پیسەبووە دەکێشێتەوە دواوە.)

پارێزەر: ئێرە بە ڕاستی زۆر پیسە.

(ژنەکان نزیک دەبنەوە).

خاتوو پیتێرز (بۆ ژنەکەی تر): ئای، میوەکانی؛ ئەوانە بەستوویانە بووتە یەک پارچە سەهۆڵ.

(بۆ پارێزەرەکە) خاتوو ڕایت نیگەران بوو لەوەی ئەوانە سەرما بییانبات. وتی ئاگرەکە کوژاوەتەوە و لەوانەیە بانکەکانی بشکێن.

پۆلیس: باشە تەنیا ئێوەی ژنان لە نەهێنی ژن تێبگەن! چوونە با واز لە بکوژەکە بهێنین و بیر لە مەرباکانی خاتوون جام بکەینەوە.

پارێزەر (لێوەکانی بە توندی فشار دەخاتە سەر): پێموایە بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک، پێویستە بیر لە پرسە جددییەکانی خاتوو ڕایت بکەینەوە، نەک جام.

هاڵ:بەگشتی ژنان خەمی شتە بچووکەکانن هەیە.

(ئافرەتەکان کەمێکی تر نزیک دەبنەوە).

پارێزەر: (بە ئەدەبی سیاسەتمەدارێکی گەنج): وە لە هەمان کاتدا سەرەڕای هەموو نیگەرانییەکانی خانمان،ئایا دەتوانین بەبێ ئەوان هیچ بکەین؟

(ئافرەتەکان نەرمی نیشان نادەن، پارێزەرکە دەچێتە لای سینکەکە،، کەوچکێکی پڕ لە ئاو لە سەتڵەکە هەڵدەگرێت و دەیڕژێنێتە ناو تاسەکەوە و دەستەکانی دەشوات، بە خاولییەکی ڕۆڵکراو دەستەکانی وشک دەکاتەوە و ڕۆڵەکە دەسوڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شوێنەکە پاک بکاتەوە). خاولییەکە ئامادە

ده‌کات بۆ به‌کارهێنانی داهاتوو.) خاولیکی پیسه! (به له‌قه له قاپه‌کانی ژێر قاپشۆڕه‌که‌ده‌دات.) ئه‌م ژنه هه‌رگیز ماڵه‌وه نه‌بووه، ڕاتان چییه خانمه‌کان؟

خاتوو هاڵ: (به شێوه‌یه‌کی وشک و فه‌رمی) کاری مه‌زرا و کێڵگه‌که به ته‌نیایی سه‌رله ئاسمان ده‌سوێ.

پارێزه‌ر: به‌ڵێ بێگومان، له هه‌مان کاتدا... (به کڕنۆشێکی کورت بۆ ئه‌و دووانه).... ده‌زانم له پارێزگای دیکسۆن، خانووی لادێیی هه‌یه که خاولی ڕۆڵیان به‌م شێوه‌یه نییه. (خاولییه‌که ڕاده‌کێشێت به‌جۆرێک که ته‌واوی درێژییه‌که‌ی ده‌رکه‌وێت).

خاتوو هاڵ: ئه‌م خاولیانه زۆر زوو پیس ده‌بن. ده‌ستی پیاویش هه‌میشه ئه‌وه‌نده‌ی که پێویسته پاک نییه .

پارێزه‌ر: ئای تێگه‌یشتم تۆ دڵسۆزو وه‌فاداربه هاوڕه‌گه‌زی خۆتانن. به‌ڵام تۆ و خاتوو رایت دراوسێ بوون. پێم وایه ئێوه‌ش هاوڕێ بوون.

خاتوو هاڵ: (به نکۆڵی سه‌ری ده‌هه‌ژێنێت.) ساڵانێکه به هیچ شێوه‌یه‌ک نه‌مبینیوه. زیاتر له ساڵێکه نه‌چوومه ناو ئه‌م ماڵه‌وه.

پارێزه‌ر: (سه‌ر بۆ ژنه‌کان داده‌نێت.) بۆ؟ تۆ حه‌زت لێی نه‌بوو؟

خاتوو هاڵ: من به باشی حه‌زم لێی بوو. ئاغای هێندێرسۆن، هاوسه‌ری جووتیار، هه‌میشه سه‌رقاڵه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا...

پارێزه‌ر: بڵی...؟

خاتوو هاڵ: (سه‌یری ده‌وروبه‌رت ده‌کات) لێره هه‌رگیز به دڵخۆشی ده‌رناکه‌ویت

پارێزه‌ر: نه‌خێر... دڵخۆش نه‌بوو. ناتوانین بڵێین له خزمه‌تکردنی ناو ماڵدا به‌هره‌یه‌کی هه‌بووه.

خاتوو هاڵ: باشە؛ نازانم خاتوو رایت هیچ بەهرەیەکی لە بواری خزمەتکردنی ناو ماڵەوە هەبووە یان نا.

پارێزەر: مەبەستت ئەوەیە کە کاتێکی خۆشیان بەیەکەوە بەسەر نەبردووە؟

خاتوو هاڵ: نەخێر،من هیچ مەبەستێکم نییە.

بەڵام پێموانییە  بە هیچ شێوەیەک بۆ ئاغا جۆن ڕایت جێی هیچ دڵخۆشبوونێک هەبۆبێت.

پارێزەر: حەز دەکەم دواتر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەم. ئێستا من دەمەوێت بە دۆخەکەی قاتی سەرەوە دا چاوێک بەگێرم.

(بەرەو پلیکانەکان دەڕوات، ژنەکان بەدوایدا دەڕۆن).

پۆلیس: خاتوو پیتێرز، پێموانییە هیچ شتێک لەوێ لە سەر جیی خۆی بێت. دەزانی ئەوە خاتوو رایت بوو کە بەردەوام جل و بەرگی و کەمێک شتی تری بۆ خۆی دەکڕی.

پارێزەر: بەڵێ دەزانین.بەڵام حەز دەکەم بزانم بیر و ڕای خاتوو پیتێرز چییە؛ وە  بە هەر شتێک  کە ڕەنگە بۆ ئێمە سوودی هەبێت گرنگی بدین.

خاتوو پیتێرز: بەڵێ ئاغای هێندێرسۆن.

(ژنەکان لەسەر پلیکانەکان گوێ لە هەنگاوی پیاوەکان دەگرن، پاشان سەیری چێشتخانەکە دەکەن).

خاتوو هاڵ: ڕقم لەو پیاوانیە کە دێنە ناو چێشتخانەکەمەوە، دەچنە هەموو شوێنێک و گلەیی لە هەموو شتێک دەکەن.

(قاپەکان لە ژێر قاپشۆرەکەدا ڕێکدەخات، کە پارێزەرەکە بە لێدانەکەی تێکی دابوو).

خاتوو پیتێرز: بێگومان ئەمە چیتر بەشێک لە ئەرکەکانیان نییە.

خاتوو هاڵ: بێگومان ئەوە ئەرکی ئەوان نییە. بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە کە ئاغی پۆلیس کە بۆ ئاگر کەردنەوە هاتوتە ئێرە لەوانەیە شتێکی کردبێت. (خاولی ڕۆڵکراو دەکاتەوە).

خۆزگە زووتر بیرم لەم بابەتە بکردایەتەوە. دیارە چاوەڕێی ئەوە دەکەن خاتوو ڕایت بە خێرایی هەموو شتێک پاک بکاتەوە و ڕێکیان بخات، تەنانەت کاتێک کە دەبێت بە پەلە لێرە بەجێبهێڵێت.

خاتوو پیتێرز (دەچێتە سەر مێزێکی بچووک لە گۆشەکەدا لە لای چەپی ژوورەکە و کۆتایی خاولییەک دەبات کە قاپێک دادەپۆشێت): نانەکەشی ئامادکردووە. (لەوێ دەوەستێت).

خاتوو هاڵ (چاوی لە نان و ناندانەکەی بەرپەنجەرەی خوارەوە لە تەنیشت مێزەکەیە

هێواش هێواش بەرەو ڕووی دەڕوات): ویستویەتی ئەمە بخاتە ناو ناندانی.

(حەبی نانەکە دەبات، لەناکاو فڕێی دەدات. وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شتە ئاشناکان بکات)

ئەوەی بەسەر میوەکانی هاتوە شەرمەزارییە. نازانم هەمووی ڕەزیوێن یان نا.

(دەچێتە سەر کورسییەک و سەیر دەکات).

خاتوو پیتێرز، پێموایە ئەوانی ئێرە هەمووی سەلامەتەن. بەڵێ... ئێرە؛

(بەرەو پەنجەرەکە سەیری دەکات).

ئەمە مرەبای گێلاسە.

(دیسان سەیری دەکاتەوە).

**بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەمە تاکە یەکە.**

**(لە کاتێکدا بوتڵێک بە دەستەوەیە، دێتە خوارەوە، دەچێتە قاپشۆرەکە و بە خێرایی پاکی دەکاتەوە).**

**دوای ئەو هەموو ماندووبوونەی لە کەشوهەوای گەرمدا هەست بە ناخۆشییەکی زۆر دەکات. لەبیرمە پاشنیوەڕۆی هاوینی ڕابردوو کاتێک گێلاسەکانم کردە مرەبا .**

**(بوتڵەکە لەسەر مێزی گەورەی چێشتخانەکە دادەنێت کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە. ئاهێک دەکێشێت و ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی لەسەر کورسییە لەرزینەکە دابنیشێت. پێش ئەوەی دابنیشێت، تێدەگات کام کورسییە؛ بە کورتی چاوێکی لێدەکات و دەکێشێتە دواوە). .کورسییە، کە دەستی لێداوە، بۆ پێشەوە و دواوەدەجووڵێت .)**

**خاتوو پیتێرز: زۆر باشە، دەبێت ئەم شتانە لە کۆمێدەکەی ژووری پێشەوە دەربهێنم.**

**(دەچێتە سەر دەرگای لای ڕاست، بەڵام دوای سەیرکردنی ژوورەکەی تر هەنگاوێک دەنێتە دواوە).**

**خاتوو هاڵ، تۆ لەگەڵم دێیت؟ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت لە هەڵگرتنیان.**

**(دەچنە ژوورێکی ترەوە؛ دووبارە دەردەکەونەوە، خاتوو پیتەرز جلی ژنانەو، دواتر خاتوو هاڵ بە جووتێک پێڵاوەوە دێنە دەرەوە).**

**خاتوو پیتێرز: واو، ئێرە زۆر ساردە.**

**(جلەکان لەسەر مێزە گەورەکە دادەنێت و بەپەلە دەچێتە سەر سۆبەکە).**

**خاتوو هاڵ (سەیری بلوزێکی ژنانە دەکات):ڕایت، چاوچنۆک وقەڕنیس بوو.**

پێم وایە ڕەنگە ئەوە هۆکار بووبێت کە خاتوو ڕایت زۆر خۆی ڕاگرتبوو. تەنانەت پەیوەندی بە کۆمەڵەی هاوکاری ژنانەوە نەبووە.پێم وایە هەستی کردووە خۆی ناتوانێت یاری بکات، بۆیە کاتێک هەست دەکەیت مۆدەی کۆنیت وکۆنە لە بەر دەکەێت، چێژ لە هیچ شتێک نابینیت.سەردەمانێک کچێک بوو بە ناوی مینی فۆستەر و یەکێک بوو لەو کچانەی شار کە لە کۆڕەکەدا گۆرانی دەگوت، جلی جوانی لەبەر دەکرد و زیندوو سەرەحاڵ بوو، بەڵام ئای ئەم قسانە هی سی ساڵ لەمەوبەرە.ئایا لەم شتانە تێدەگەیت؟

خاتوو پیتێرز: وتی پێشبرکێم دەوێت، چ داواکارییەکی گاڵتەجاڕانەیە، لە زینداندا هیچ شتێک نییە مرۆڤ پیس بکات، خودا دەزانێت. بەڵام پێم وایە هەستەکەی ئاسایی بوو. وتی لەناو کەرەستەی سەرەوەی ڕەفەکەدا داناوە. بەڵێ، لێرەدا وە پاشان نۆرەی سەرپۆش بچووکەکەیە کە هەمیشە لە پشت دەرگاکەوە هەڵواسرابوو. (دەرگای بەرەو پلیکانەکان دەکاتەوە و سەیر دەکات.) بەڵێ لێرەیە. (بەخێرایی ئەو دەرگایە دادەخات کە دەچێتە سەر پلیکانەکانی سەرەوە)

خاتوو هاڵ (لەناکاو بەرەو ڕووی دەڕوات): خاتوو پیتێرز؟

خاتوو پیتێرز: بەڵێ خاتوو هۆڵ؟

خاتوو هاڵ: پێت وایە کاری ئەو بووبێت؟

خاتوو پیتێرز (بە ترسەوە): ئای نازانم.

خاتوو هاڵ: باشە، منیش پێموانییە کارەکەی ئەو بێت. داوای لێکردین پێشبرکێ و سەرپۆشە بچووکەکەی بۆ ببەین. هەروەها خەمی میوەکانیشی بوو.

خاتوو پیتێرز (دەست دەکات بە قسەکردن، چاوێک دەخاتە سەرەوە کە هەنگاوەکان دەبیسترێت.) (بە دەنگێکی نزم): ئاغای پیتێرز وتی زۆر خراپە بۆی. هەروەها قسەکانی ئاغای هێندێرسۆن زۆر گاڵتەجاڕانەن. گاڵتەی بە خاتوو ڕایت دەکرد کە دەیگوت بە هیچ شێوەیەک لە خەو هەڵنەستاوە.

خاتوو هاڵ: باشە، پێموایە کاتێک پەتەکەیان لە ملی جۆن رایت دەنا ئەو لە خەو هەڵنەستا .

خاتوو پیتێرز: نەخێر ئەوە زۆر سەیرە. پێویستە ئەم کارە زۆر بە لێهاتوویی و هێمنانە ئەنجام بدرێت. دەڵێن بەم شێوەیە دەکرێت... ڕێگەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ کوشتنی مرۆڤ. هەموو شتێک لە پێش دا ئامادە کراوە.

خاتوو هاڵ: ئاغای هاڵ هەمان قسەی دەکرد. لە ماڵەکەدا چەکێک هەبووە. هاوسەرەکەم دەیگوت ئەمە شتێکە کە ناتوانێت بزانێت وسەری لێ دەربێنی.

خاتوو پیتێرز: ئاغای هێندێرسۆن وتی کە ئەوەی پێویستمانە بۆ ئەم کەیسە دەتوانرێت لە بەڵگەکانەوە تێبگەین. هاندانە..کەبریتیە لە؛.... بۆ نموونە توڕەیی یان هەستێکی لەناکاو نیشان دەدات.

خاتوو هاڵ (لە نزیک مێزەکە وەستاوە): من لە دەوروبەری ئێرە هیچ نیشانەیەکی توڕەیی نابینم. (دەست دەخاتە سەر ئەو خاولیەی قاپ کە لەسەر مێزەکەیە، لەکاتێکدا سەیری مێزەکە دەکات، نیوەی مێزەکە پاکە و نیوەکەی تر پیسە) لێرەدا خۆێن کەراوەتەوە. (مێزەکە بە باشی پاک دەکاتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە و سەیری نانەی نانەدانکەی دەرەوەی سندوقی نانەکە دەکات. خاولییەکە دەخاتە خوارەوە. دەگەڕێتەوە دواوە وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شتە ئاشناکاندا بکات.) پێم سەیرە چۆن  لە قاتی سەرەوە شتێک دەدۆزنەوە؟ خۆزگە خاتوو ڕایت ئەولای کەمێک ڕێک وپێکی خستبا. دەزانی پێم وایە ئەم شتانە دزێو و ناشرینن. خاتوو رایتیان ڕەوانەی زیندانی شار کردووە و دواتر هاتونەتە ئێرە و هەوڵ دەدەن لەم ماڵەکێدا بەڵگەی لەسەر بدۆزنەوە.

خاتوو پیتێرز: بەڵام خاتوو هاڵ، یاسا یاسایە.

خاتوو هاڵ: منیش پێم وایە. (دوگمەی پاڵتۆکەی دەکاتەوە.) خاتوو پیتێرز باشترە لێرە ئاسوودە بیت، ئەوە بێزارمان ناکەن کاتێک  پاڵتۆکە دادەکەنێت.

**خاتوو پیتێرز: شاڵی مەلی دادەکێشێت، دەچێت بە قەڵغانی پشتەوەی ژوورەکە هەڵیدەواسێت، بە وەردی لە ژێر مێزە بچووکەکەی لای چێشتخانەکەدا دەڕوانێت.)**

**خاتوو پیتێرز: پێشتر بەتانی چل پارچە دەدوری.**

**(سەبەتەی گەورەی درووماان دەهێنێت و سەیری پاشماوە ڕەنگاوڕەنگەکان دەکەن).**

**خاتوو هاڵ: ئەمە دیزاینێکی کوخێکی دارە. جوانە وانییە؟ تا ئێستا ڕوون نییە کە ویستوویەتی کاری چەرموو بکات یان کرۆشۆ.**

**(دەنگی هەنگاوەکان لە پلیکانەکانەوە دێنە خوارەوەدەبیسترێت . پۆلیس دەێتە ژوورەوە، دواتر هاڵ و پارێزەر دێن).**

**پۆلیس:خانمەکان نازانن ئایا ویستویەتی پەڕۆکە چەرموو بکات یان کرۆشۆ بکات.**

**(پیاوەکان پێدەکەنن، ژنەکان بە شەرمەوە سەیریان دەکەن).**

**پارێزەر: (دەستەکانی دەخاتە سەر سۆبەکە و لێکیان دەدات): ئەو ئاگرەی فرانک داگیرساندوە سەرەوەی گەرم نەکردوە، وانییە؟ زۆر باشە با بچینە تەویلە و لەوێش خاتر جەم بین.**

**(پیاوەکان دەچنە دەرەوە).**

**خاتوو هاڵ (بە بێزاری): نازانم بۆچی ئەم شتانە دەبێ ئەوەندە سەیر بن، ئێمە کاتەکانمان لە وردەکارییەکان بەسەر دەبەین و بە شێوەیەکی سروشتی چاوەڕێی ئەوە دەکەین پیاوان بەڵگە بدۆزنەوە. (لەسەر مێزە گەورەکە دادەنیشێت، بە توندی یەکێک لە قوماشە نەخشدارەکان ڕاست دەکاتەوە.) من ئەمە بە کۆمیدی نابینم.**

**خاتوو پیتێرز (بە داوای لێبوردن): بێگومان بیر لەوە دەکەنەوە شتگەلێکی زۆر گرنگ بەدەست بهێنن.**

**(کورسییەک دەکێشێتە تەنیشت مێزەکە ولە تەنیشت خاتوو هاڵ لەسەری دادەنیشێت ).**

**خاتوو هاڵ (ڕووی کردۆتە قوماشێکی دیکەی نەخشدار): خاتوو پیتێرز، سەیری ئەم قوماشە بکە. ئەمە خاتوو ڕایت، کاری لەسەر ئەم یەکەش کردووە، سەیری دروومانەکەی بکە! هەموو شتێکی بە شێوەیەکی ڕەسەن و ڕێک و پێکی کردووە، و سەیری ئەمە بکەن! کە هەمووی وێران بووە! واو وەک ئەوەی تەنانەت نەزانێت چی دەکات!**

**(دوای ئەوەی ئەم قسانە دەڵێن، سەیری یەکتر دەکەن، پاشان چاوێک لە پشتی دەرگاکە دەکەن. دوای ساتێک خاتوو هاڵ گرێیەک دەکێشێت و قوماشەکە لە درزەکە دەدڕێت).**

**خاتوو پیتێرز: ئای خاتوو هۆڵ، تۆ چی دەکەیت؟**

**خاتوو هاڵ (بە نەرمی): من تەنها یەک دوو درز دەکێشم کە باش نەدووراون. (دەرزیەکە دەبڕێت.) خراپ دورین هەمیشە توڕەم دەکات.**

**خاتوو پیتێرز (بە دەمارگیرییەوە): پێموانییە ئێمە بتوانین دەست لە شتەکان بدەین.**

**خاتوو هاڵ: هەر تەنها ئەمەیە، زوو تەواو دەکەم. (لەناکاو دەوستێت و پاڵ دەنێتە پێشەوە.) خاتوو پیتێرز؟**

**خاتوو پیتێرز: بەڵێ خاتوو هاڵ؟**

**خاتوو هاڵ: پێت وایە چی وای لێکردووە ئەوەندە تووڕە بێت؟**

**خاتوو پیتێرز: ئای... نازانم. نازانم کەی توڕە دەبوو. من کاتێک ماندووبم دورینەکانم تێک دەچن**

**(خاتوو هاڵ خەریکە شتێک دەڵێت، سەیری خاتوو پیتێرز دەکات، کەمێک لێوەکانی دەگەزێت، پاشان بەردەوام دەبێت لە دورین).**

**باشە من دەبێت ئەم شتانە یەکلایی بکەمەوە. لەوانەیە پیاوان زووتر لەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە کارەکەیان تەواوو بێت.**

**(پێکەوە پێشبرکێ و شتەکانی تر ڕێکوپێک دەکەن).**

**نازانم پارچە کاغەز ودەزوو لە کوێ بدۆزمەوە.**

**خاتوو هاڵ: ڕەنگە، لەناوکۆمەدەکەدا.**

**خاتوو پیتێرز (سەیری ناو دۆشەکەکە دەکات): واو، لێرە قەفەسێکی باڵندەیە. (بەرزی دەکاتەوە.) خاتوو هاڵ، ئایا باڵندەشی هەبوو؟.**

**خاتوو هاڵ: سەرم سوڕماوە.نازانم باڵندەی هەبووە یان نا... ماوەیەکی زۆرە ئێرە نەهاتووم. ساڵی ڕابردوو پیاوێک لە دەوروبەری ئێرە هەبوو کە باڵندەی کەناری هەرزانی دەفرۆشت، بەڵام نازانم یەکێکی کڕیوە یان نا؛ لەوانەیە کڕیبێتی،بۆ خۆی کە زۆر جوان گۆرانی دەڵێت.**

**خاتوو پیتێرز (سەیری دەوروبەری دەکات): لەوانەیە تۆ بە گاڵتەت بێت کە بڵێم لێرە بەدوای باڵندەیەکدا بگەڕێیت. بەڵام دەبێت یەکێکی هەبێت، ئەگەرنا بۆ قەفەسێک دەهێڵێتەوە؟ نازانم باڵندەکە چی بەسەر هاتووە؟**

**خاتوو هاڵ: ڕەنگە پشیلەکە خواردبێتی.**

**خاتوو پیتێرز: نەخێر، لەبەرئەوەی بە هیچ شێوەیەک پشیلەی نەبوو. ئەویش هەمان هەستی هەبوو سەبارەت بە پشیلە هەبوو کە هەندێک کەس هەیانە...**

واته لێی ده‌ترسا. جارێک پشیله‌که‌م چووه ژووره‌که‌یه‌وه، به‌ڵام به‌ڕاستی دڵته‌نگ بوو و داوای لێکردم بیهێنمه ده‌ره‌وه.

خاتوو هاڵ: خوشکه‌که‌م، بێسی هه‌ر به‌و شێوه‌یه بوو. سه‌یره، ئایا وا نییه؟

خاتوو پیتێرز (به پشکنینی قه‌فه‌سه‌که): واو، سه‌یری ئه‌م ده‌رگایه بکه. شکاو یه‌کێک له هێنجه‌کانی له شوێنی خۆی ده‌رچووه.

خاتوو هاڵ (ئه‌ویش، سه‌یری ده‌کات): وا دیاره هه‌ندێک توندوتیژی ڕوویداوه.

.خاتوو پیتێرز: واو، ئه‌وه ڕاسته.

(قه‌فه‌سه‌که له‌گه‌ڵ خۆی ده‌هێنێت و ده‌یخاته سه‌ر مێزه‌که).

خاتوو هاڵ: خوا به‌کات، ئه‌گه‌ر بڕیار بێت به‌ڵگه بدۆزرێته‌وه، پیاوان به زووترین کات بیدۆزنه‌وه. من ئێره م به‌دڵم نییه.

خاتوو پیتێرز: به‌ڵام خاتوو هاڵ، زۆر خۆشحاڵم که له‌گه‌ڵم هاتیت. زۆر بێزارکه‌ر بوو لێره به ته‌نیا دانیشتن.

خاتوو هاڵ: به‌ڵێ بێزارکه‌ر. ئایا وا نییه؟

(قماشی درووراو ده‌خاته لایه‌که‌وه، ده‌نگی داده‌به‌زێنێت).

به‌ڵام خاتوو پیته‌رز پێت ده‌ڵێم حه‌زم له چییه. خۆزگه ده‌متوانی کاتێک لێره بوو ناوبه‌ناو سه‌ردانی خاتوو رایت بکه‌م . خوزگه...(به ده‌وری ژووره‌که‌دا ده‌ڕوانێت). من جاران ئه‌م کاره‌م ده‌کرد.

خاتوو پیتێرز: باشه خاتوو هاڵ، تۆ زۆر سه‌رقاڵ بوویت، سه‌رقاڵی... ماڵ و منداڵه‌کان بوویت.

خاتوو هاڵ: به‌ڵام ده‌متوانی بێم. من له‌به‌رئه‌وه‌ی دڵم مردبوو نه‌ده‌هاتمه ئێره... به‌ڵام هه‌رده بۆاییه به‌هاتایم. من... هه‌رگیز حه‌زم لێره نه‌بووه. ڕه‌نگه له‌به‌ر

ئه‌وه‌ی له‌ قوڵێدا هه‌ڵكه‌وتووه‌ و لێره‌وه‌ ڕێگاكه‌ نابینێت. نازانم بۆچی، به‌ڵام شوێنێكی بێزاركه‌ره‌ و هه‌میشه‌ وا بووه‌. خۆزگه‌ ده‌متوانی هه‌ندێک جار سه‌ردانی مینی فۆسته‌ر [خاتوو رایت] بكه‌م. ئێستا تێده‌گه‌م كه‌...

(سه‌ری ده‌هه‌ژێنێت).

خاتوو پیتێرز: خاتوو هاڵ، نابێت خۆت تاوانبار بكه‌یت. هه‌ندێک جار نازانین كه‌سانی تر چۆن ده‌ژین تا له‌ناكاو شتێک ڕووده‌دات.

خاتوو هاڵ: نه‌بوونی منداڵ  كار و سه‌رقاڵبوونی مرۆڤ كه‌مده‌كاته‌وه‌... به‌ڵام له‌بری ئه‌وه‌، ماڵه‌كه‌ بێده‌نگ ده‌كات. ئاغای ڕایت به‌ درێژایی ڕۆژ له‌ ده‌ره‌وه‌ی ماڵه‌كه‌ كاری ده‌كرد و كاتێک ده‌هاته‌وه‌ ماڵه‌وه‌ هیچ هاوڕێ و میوانێكی له‌گه‌ڵ نه‌بوو. ئایا جۆن رایت ده‌ناسی، خاتوو پیتێرز؟

خاتوو پیتێرز: زۆر نا؛ من له‌ شاردا بینیومه‌. ده‌ڵێن پیاوێكی باش بووه‌.

خاتوو هاڵ: به‌ڵێ... باش بوو؛ ئێمه‌ پێمان وایه‌ كه‌ ئه‌و مه‌ی وشه‌رابی نه‌خواردووه‌ته‌وه‌ و به‌ ته‌واوی به‌ڵێنه‌كانی جێبه‌جێ كردووه‌... و قه‌رزه‌كانی له‌ كاتی خۆیدا ده‌داوه‌. به‌ڵام خاتوو پیتێرز، ئه‌و پیاوێكی توند و بێ به‌زه‌یی بوو. خه‌ڵک ته‌نها سڵاویان لێكرد وته‌واوو. (هه‌ڵ ده‌له‌رزێت) وه‌ک هه‌وایه‌كی سارد وابوو كه‌ ده‌چێته‌ ناو مۆخی ئێسكه‌وه‌. (بێده‌نگی، چاوه‌كانی ده‌كه‌ونه‌ سه‌ر قه‌فه‌سه‌كه‌.) ڕه‌نگه‌ خاتوو ڕایت باڵنده‌یه‌كی ویستبێت. ڕات چییه‌ له‌سه‌ر خراپ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ئه‌و باڵنده‌یه‌؟

خاتوو پیتێرز: نازانم، ڕه‌نگه‌ نه‌خۆش كه‌وتبێت و مردبێت. (ده‌ست بۆ ده‌رگای شكاوی قه‌فه‌زكه‌  ده‌بات و ده‌یكاته‌وه‌، دووباره‌ ئه‌مه‌ دووباره‌ ده‌كاته‌وه‌؛ هه‌ردوو ژنه‌كه‌ به‌ وردی سه‌یری ده‌كه‌ن).

خاتوو هاڵ: هه‌رگیز له‌ ده‌ور وبه‌ری ئه‌م شوێنانه‌دا نه‌بوویت؟ (خاتوو پیتێرز به‌ نه‌رێنی سه‌ری ده‌هه‌ژێنێت.) كه‌واته‌، تۆ خاتوو ڕایت نه‌ده‌ناسی؟

**خاتوو پیتێرز: تا دوێنێ کە هێنایان، نەخێر، .**

**خاتوو هاڵ: خاتوو رایت... بیهێنەبەرچاوت، زۆر لە باڵندەکەی خۆی دەچوو. بەڕاستی شیرین و جوان بوو، بەڵام کەمێک شەرمن و... دڵەڕاوکێ بوو. چۆن.... ئەو.... گۆڕا... (بێدەنگی؛ پاشان، وەک ئەوەی بیرێکی گونجاو بەسەریدا بێت، بە ئاسانی دەگەڕێتەوە بۆ کاروباری ڕۆژانەی.) تۆ چی دەڵێی خاتوو پیتێرز، بۆچی پارچەیەک بەدەست ناهێنیت بۆ دورین؟ ڕەنگە، ئەمە سەرقاڵبوونی ئەویش بووبێت.**

**خاتوو پیتێرز: بەڵێ! پێم وایە ئەمە بەڕاستی بیرۆکەیەکی باشە خاتوو هاڵ. هیچ عەیبێکی تێدا نییە، وانییە؟ کەواتە ئێستا، چی بکەم؟ نازانم پارچە قوماشەکانی لێرەن یان نا...وە هەروەها ئامێرەکانی دروومانی.**

**(لە سەبەتەی دورینەکەدا دەگەڕێن).**

**خاتوو هاڵ: سەیرکە ئەمانە سوورن. من پێشبینی دەکەم ئامێری درووممان لەم سندوقەدا بێت. (بۆکسێکی ڕازاوە دەردەهێنێت.) چ سندوقێکی جوانە. وەک ئەوە وایە دیارییەک بێت و بە کەسێک درابێت. ڕەنگە لەناو ئەم سندوقەدا مەقەست هەبێت. (بۆکسەکە دەکاتەوە. لەناکاو بە دەستی لوتی دادەپۆشێت.) واو... (خاتوو پیتەرز بەرەو سندوقەکە دچێت، پاشان دەموچاوی دەکێشێتەوە.) وەک ئەوە وایە شتێک لەم قوماشە ئاوریشمییەدا پێچرابێت.**

**خاتوو پیتێرز: واو ئەمە مەقەستی ئەو نییە.**

**خاتوو هاڵ ( ئاوریشمەکە هەڵدەگرێت.): ئای بەڵێ خاتوو پیتێرز... بزانە...**

**(خاتوو پیتێرز سەری نزیک دەکاتەوە).**

**خاتوو پیتێرز: هەمان باڵندەیە.**

**خاتوو هاڵ (دادەچەڵکێت): بەڵام، خاتوو پیتێرز... سەیرکە. ملی! سەیری ملی بکە!**

ئەوە تەنها شتێکە... ئەوسەری سکەکەیە.

خاتوو پیتێرز: کەسێک ملی شکاندوە.

(سەیری یەکتر دەکەن. نیگایەکی تێگەیشتنێکی ترسناک. لە دەرەوە دەنگی هەنگاوەکان دەبیستریت. خاتوو هاڵ سندوقەکە دەخاتە ژێر پەڕۆکانەوە ولەکورسییەکەی نوقم دەبێت . پۆلیس و پارێزەرەکە دەێنە ژوورەوە، خاتوو پیتەرز هەڵدەستێت. )

پارێزەر (وازهێنان لە کارێکی جدی و گاڵتەکردن): باشە خانمەکان، دواجار بڕیارتان لەسەر چی داوە؟ ئایا ویستتان پەڕۆکە چین چین بکەن یان کرۆشۆ بکەیت؟

خاتوو پیتێرز: پێمان وایە ئەو ویستویەتی... کرۆشۆ.

پارێزەر: باشە سەرنجڕاکێشە. هیچ گومانێکم نییە. (سەیری قەفەسی باڵندەکان دەکات) باڵندەکەی ڕایکرد؟

خاتوو هاڵ (بە دانانی پاشماوەی زیادە لەسەر سندوقە ڕازاوەکە): ئێمە پێمان وایە... پشیلەکە بەدەستی هێناوە.

پارێزەر (هێشتا سەرقاڵی بیرکردنەوەکانیەتی): پشیلەیەک لە شوێنی کارەکەیدا هەیە؟

(خاتوو هاڵ بە خێرایی و بە دزییەوە چاوێک لە خاتوو پیتێرز دەکات).

خاتوو پیتێرز: باشە، لە ئێستادا ،نا. دەزانی خاتوو و ئاغای رایت خورافین. ئیتر لێرە نین.

پارێزەر (بۆ پۆلیس، گفتوگۆی پچڕاوکە بەردەوام دەکەنەوە ): هیچ ئاماژەیەک نییە کە کەس لە دەرەوە هاتبێت. پەتەکە هی خۆیانە. ئێستا با بچینە سەرەوە و

بەش بە بەش هەموو شتێک بپشکنین. (بە پلیکانەکاندا سەردەکەون.) دەبێ کەسێکی بە تەواوی شارەز هەبووبێت

(خاتوو پیتێرز لەسەر کورسیەکەی نوقم دەبێت. ئەو دوو ژنە بەبێ ئەوەی سەیری یەکتر بکەن، لەوێ دادەنیشن، بەڵام وەک ئەوەی چاویان لە شتێک بێت و لە هەمان کاتدا بیربکەنەوە. کاتێک دەست دەکەن بە قسەکردن، وەک ئەوەی بەدوای شتێکی سەیردا بگەڕێن، قسە دەکەن). .کۆیلەن، وەک ئەوەی لە قسەکانیان بترسن، و وەک ئەوەی نەتوانن دەریببڕن.)

خاتوو هاڵ: خاتوو رایت ئەم باڵندەیەی خۆشدەویست. پلانی دانا کە باڵندەکە لەناو ئەم سندوقە جوانەدا بشارێتەوە.

خاتوو پیتێرز (بە چرپە): کاتێک کچ بووم... پشیلەیەکی بچووکم هەبوو... کوڕێک هەبوو کە تەقەمەنییەکی بچووکی پێبوو و ڕاست لەبەردەممدا بوو... و پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ... (ئەو بۆ ساتێک دەموچاوی دایدەپۆشێت .) ئەگەر ڕێیان لێ نەگرتبام، منیش چاکم لێدەدا...

خاتوو هاڵ (بە هێواشی سەیری دەوروبەری دەکات): نازانم پیاو چی دەکات کاتێک منداڵی نییە. (وەستان) نەخێر، ئاغای ڕایت حەزی لە باڵندە نەبوو... یان هەر شتێک کە گۆرانی بڵێت. خاتوو ڕایت گۆرانی دەگوت وئاغای ڕایت باڵندەکەیشی کوشت.

خاتوو پیتێرز (بە نیگەرانییەوە ئیشارەت دەکات): نازانین کێ باڵندەکەی کوشتووە.

خاتوو هاڵ: من جۆن رایت دەناسم.

خاتوو پیتێرز: خاتوو هاڵ، ئەو شەوە لەم ماڵەدا شتێکی ترسناک ڕوویداوە. پیاوێک لە خەودا کوژراوە، پەتێک لە ملی پێچراوەتەوە و خنکێنراوە.

خاتوو هاڵ: لە ملیدایە؟ خنکاندوویانە؟

(دەستی بەبێ ئیرادە بەرەو قەفەسەکە دەڕوات و لەسەری دەمێنێتەوە).

خاتوو پیتێرز (بە دەنگی بەرز): نازانین کێ ئاغای ڕایتی کوشت. ئێمە هیچ نازانین.

خاتوو هاڵ (هەستی پێشووی هەرماوە): ئەگەر ساڵهای ساڵ  هیچت نبێ جگە لە باڵندەیەک کە گۆرانیت بۆ دەڵێت، جا ئەوا ترسناکە... بەرگەگرتن لە بێدەنگی... دوای ئەوەی باڵندەکەت نەماوە وبێدەنگە.

خاتوو پیتێرز (بە شتێکی پەسەندکراو لە چاوەکانیدا): دەزانم بێدەنگی واتای چییە. کاتێک لە داکۆتا لە کێڵگەیەکی گەورەی جووتیاران دەژیاین، یەکەم منداڵم مرد ... کاتێک کوڕێکی دوو ساڵان بوو و من کەسیکەم نەبوو....

خاتوو هاڵ (خۆی دەلەرزێنێت): پێت وایە چەند کات دەخایەنێت تا بەڵگەیەک بخەنە ڕوو؟

خاتوو پیتێرز: دەزانم بێدەنگی واتای چییە. (خۆی دەکێشێتەوە دواوە.) یاسا داوا دەکات کە تاوانبارەکە سزا بدرێت، خاتوو هاڵ.

خاتوو هاڵ (وەڵامی خاتوو پیتێرز ناداتەوە): خۆزگە مینی فۆستەرت بینیبا، کاتێک جلێکی سپی و کەمەرەکەی شین لەبەر دەکرت و لە ناوەڕاستی کۆر دوەستا و گۆرانی دەگوت. (لەپڕ بەدەوری ژوورەکەدا دەڕوانێت.) ئای دەبێ هەندێک جار بێمە ئێرە! ئەمە تاوانە! ئەمە تاوانە! کێ دبێ  تاوانبار سزا بدات؟

خاتوو پیتێرز (سەیری سەرەوە دەکات): نابێت ئێمە... دەستوەردانی تێدا بکەین.

.خاتوو هاڵ: خۆزگە دەمزانی خاتوو ڕایت پێویستی بە یارمەتی هەیە! دەزانم ژن دەتوانێت چ کێشەیەکی هەبێت. خاتوو پیتێرز، من پێم وایە ئەمە سەیرە، ئێمە لە یەکتر نزیک دەژین، بەڵام هەواڵی یەکتر نازانین. کێشەکانی ئێمەی ژنان لەیەک دەچن... ئەم کێشەیە تەنها کەمێک جیاوازەترە لەوان. (چاوەکانی دەسڕێتەوە، پاشان سەرنجی پەرداخی مرەباکە دەدات، دەستی بەرەو ڕووی درێژ دەکاتەوە)

ئەگەر من لەجی تۆ بوومایە پێی نەدەگوت مرەباکەی تێکچووە. پێی بڵێ ئەوە ڕووی نەداوە. پێی بڵێ هەموو شتێک باشە. بیڵێ تا باوەڕی پێ بکات. ئەو... لەوانەیە هەرگیز نەزانێت ئەمە شکاوە یان نا.

خاتوو پیتێرز (شوشەکە دەبات، بەدوای شتێکدا دەگەڕێت بەدەوری شووشەکەدا بیپێچێتەوە. جلی ژێرەوەی ژنانە لە نێو ئەو جلوبەرگانەی دیکە کە لە ژوورەکەی ترەوە هێناوە وەردەگرێت و بە دەمارگیرییەوە بە دەوری شووشەکەدا دەیپێچێتەوە. بە دەنگێکی خۆنمایشکردن): ئای چەند باشە کە پیاوان ناتوانن گوێ لە قسەکانمان بگرن. نابێت چیتر پێبکەنن! ئاماژەی هەموو ئەم ڕووداوانە دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی بچووکی وەک ئەمە... کەنارییەکی مردوو. هەر ئەوشتە کە پێویستیان پێیەتی... چی... نابێت پێبکەنن!

( هەنگاوی پیاوان کە لە پلیکانەکاندا دێنە خوارەوەدەبیسترێت).

خاتوو هاڵ (بە دەنگێکی نزم): لەوانەیە پێبکەنن...و ڕەنگە پێنەکەنن.

پارێزەر: نەخێر پیتێرز هەموو شتێک ڕوونە، جگە لە هۆکاری ئەنجامدانی کارەکە. بەڵام دەزانن لێژنەی دادوەری چۆن کاردانەوەیان بەرامبەر بە ژنان دەبێت. خۆزگە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە هەبوایە. شتێک کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ نیشاندانی ئەم شێوازە سەیرە لە کارکردن... شتێک کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ دروستکردنی چیرۆکێک... شتێک کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەم کارەدا هەبێت.

(ئافرەتەکان بۆ ساتێک سەیری یەکتر دەکەن. هال لە دەرگای دەرەوە دەێتە ژوورەوە).

هال: باشە، لەم دەور بەرەی ئێرەدا گالیسکەیەکم دۆزیەوە. دەرەوە زۆر ساردە.

پارێزەر: دەمەوێت بۆ ماوەیەکی کەم بە تەنیا بم. (بۆ پۆلیس) دەتوانیت فرانک بنێری بۆ دوای منیش دا، باشە؟ من دەمەوێت هەموو شتێک بپشکنم. من لەوەی کە نەمانتوانی بگەینە ئەنجامێک ڕازی نیم.

پۆلیس: حەز دەکەیت بزانیت خاتوو پیتێرز چی دۆزیەوە؟

(پاریزەر دەچێتە سەر مێزەکە، پێشبرکێیەکە هەڵدەگرێت و پێدەکەنێت).

پارێزەر: ئای پێم وانییە ئەوەی خانمەکان دۆزیویانە شتێکی مەترسیدار بێت.

(چەند شتێک دەجوڵێنێت. ئەو قوماشەی کە سندوقەکەی داپۆشیوە، دەگێڕێتەوە. پاشان دەگەڕێتەوە دواوە.) نەخێر خاتوو پیتێرز چاودێری ناوێت. جگە لەوەش هاوسەری پۆلیس لە ڕاستیدا زەواج لەگەڵ یاسادەکات. خاتوو پیتێرز تا ئێستا بیرت لەم بابەتە کردۆتەوە؟

خاتوو پیتێرز: بەم شێوەیە نەخێر... .

پۆلیس(بە دەمی داخراوەوە پێدەکەنێت): پەیوەندی بە یاساوە. (دەچێتە ژوورەکەی تر) جۆرج ئەگەر دەتوانیت سەیرێکی ئێرە بکە. دەبێت چاوێک لەم پەنجەرانەدا بخشێنین.

پارێزەر (بە سووکایەتییەوە): ئای پەنجەرەکان!

شەریف: ئاغای هاڵ، ئێمە ئەوەندە ماندوین، مردین.

(هاڵ دەچێتە دەرەوە. پۆلیس بەدوای پارێزەرەکەدا دەڕوات بۆ ژوورێکی تر. نیگای ژنەکان بەدوایاندا دەگەڕێت. پاشان خاتوو هاڵ هەڵدەستێت، دەستەکانی بە توندی بەیەکەوە گرێدراون، بە توندی چاوێک لە خاتوو پیتەرس دەکات، کە چاوەکانی بەلای تردا دەگەڕێنیت و لە کۆتاییدا چاوەکانی خاتوو هاڵ بۆ ساتێک بە نیگای چاوەکانی خاتووپیتەرز گرێدەدەرێت، پاشان نیگاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستەیەی کە سندوقەکە تێیدا شاراوەتەوە، لەناکاو خاتوو پیتەرز پەڕۆو پاڵکان دەنێتە دواوە و هەوڵدەدات سندوقەکە بخاتە ناو ئەو جانتایەی کە هەڵیگرتووە ،سندوقەکە زۆر گەورەیە دەرگاکە دەکاتەوە، هەوڵدەدات باڵندەکە دەربهێنێت، ناتوانێت دەستی لێبدات، هاوسەنگی لەدەست دەدات، بێدەسەڵات لەوێ دەوەستێت.

**ده‌نگی سوڕاندنی ده‌سته‌كه‌ی درگاكه له‌ ژووره‌كه‌ی تره‌وه‌ ده‌بیستریت. خاتوو هاڵ سندوقه‌كه ده‌گریت و ده‌یخاته گیرفانی پاڵتۆ دریژه‌كه‌یه‌وه‌. پاریزه‌ر و پۆلس ده‌ینه ژووره‌وه‌.)**

**پاریزه‌ر (به گاڵته‌جاڕیه‌وه‌): باشه هێنری، لانیكه‌م تیده‌گه‌ین كه خاتوو ڕایت به‌نیازی چه‌رمووكردن نه‌بووه‌. به‌نیازی ئه‌وه‌ بوو... ناوی چی بوو خانمه‌كان؟ ناوی چییه‌؟**

**خاتوو هاڵ (ده‌ستی ده‌خاته سه‌ر گیرفانیه‌وه‌): ئێمه پێی ده‌ڵێین- كرۆشۆكردن،ئاغای هێندیرسۆن.**